# مامۆستا مەلیحە: بەپێکەنینەوە وتی (دەیکەنە پایتەختی ڕوناکبیری‌و، چراو فانۆس بۆ ڕوناکەرەوە بەکاردێنین)

"دەستی چەپی دۆمینەی تیابوو، بەتوندی دایی بەمێزەکەداو ڕوویی کردە هاوڕێکانی و وتی"ئەم جادەیەی دەیبینیت مەبەستی شەقامەکەی کتێبخانەی ئەوقاف بوو، ئەمە جادەیی مۆسکۆیان پێدەوت تازە بەتازە دەیانەوێت شار بکەنە پایتەختی ڕوناکبیری".

ئەمە قسەی جەمالی تەمەن ٦١ساڵ بوو، کەلەیەکێك لەدوکانەکانی سابونەکەران لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هاوتەمەنی دۆمینەیان دەکرد،تورەیی ئەم پیاوە ئەوهەواڵە وروژاندی کەگوێبیستی بووسەبارەت بەکردنی شاری سلێمانی بەپایتەختی ڕوناکبیری.

پێ دەچوو،ژیانی سیاسی‌وئابوری ئەم شارە جەمالی زۆر ماندو کردبێت،بەتورەییەوە کە کەف، چەرەی دەمی لەنێو تاقمی دانەکەیدا قەتیس مابوو،ووتی

باپیرمان ئەم شارەی دروست کرد، دەزانین ئەوساشاری ڕوناکبیری بوو،بەلام ئێستا گوندێکی گەورەیە"

لێرەدا لەتیفی نانەوا، بەتوندی دۆمینەکەی دابە مێزەکەیدا و ووتی"دادە گیان تۆمنداڵیت، ئەمە شاری شاران بوو، بەڵام کوا چی لێهات، مزگەوت وچاخانە و شەوچەرەی ماڵانی، هەمویی مشتومری سیاسی وڕوناکبیری بوو" لەقسەکانیدا دیاربوو، حەزی بەشیعربێت ،ئاشنایی هەبوو بەگۆران وقانع وشێرکۆبێکەس وپیرەمێرد ووتی"با شاعیران گۆڕ هەڵیان تەکێنێت کە لەسەر بستێك زەوی ئەم شارە خۆیان دادەناو، دەیان



هۆنراوەیان بۆدڵسۆزی شار نوسیوە ئێستا شەرە لەسەر میراتی شار" لێرەدا جگەرەیەکی داگیرسان و بەدەم نەفەس کێشانەوە وتی "ئەزانیت خەڵکی ئەم شارە لەشێخ مەحمودی قبوڵ نەبوو، کە کوری ئەوزاتە بوو کە زەویەکانی هەراج بکات". "ئائەوە لەعەبە سور بپرسەتا هەموو ڕۆژ بەیادی ئەوسا لەپیرمەسورەوە دێتە ئێرە".

عەبە سور پیاوێکی سوری باڵا مام ناوەندتەمەن ٦٧ساڵ ، لەناو هاوتەمەنەکانیدا بەنوکتەچی ناوی دەرکردبوو،ئەم بە پێکەنینەوە ووتی "عەبەی چی وتەرەماشی چی، بۆهیچ ماوە کەئەم شارەی پێ‌بناسرێتەوە"عەبەسور شانازی بەم شارەوە دەکردکە ملی بۆهیچ زوڵمێك نەداوە ووتی"ئەم شارە هەمیشە عاشق بەئازادی بوە بۆیە ملیشی بۆکەس کەچ نەکردوە" ئەو ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی ئەم شارە وکوردایەتی زۆر مایەی شانازیەتی وتی" چ حوکومەتێکی ئەم عێراقە هەزارویەك حیسابی بۆ سلێمانی نەکردوە، بۆزەعیم سدیق ونوری سەعید وسەدام حسێن وا لەم شارە دەترسان؟". عەبە سور کە هەموورەخنەکانی تەنزئامێزبوون، وتی شاری ڕۆشنبیری یان شاری (گو.......م).

عەبەسور ماڵئاوایی منی بەوشێوەیە کرد"بەخوا تۆش هەرتوتی ئەمانەیت و هاتویت ریکلام بۆ ئەم کارەیان بکەیت کە دەیانەوێت تورەیی شار دامرکێنن".

لەهاتنە دەرەوەم، بەشەقامەکەی سابونکەراندا بەرەوسەرەوە دەرۆشتم، دووژنم بینی پۆشینی جلوبەرگیان بەخەڵکی سلێمانی دەچون، سەروبەست ودەسماڵی ژنە بەتەمەنەکە ٧١ساڵە بوو، ژنەکەی تریش تەمەنی ٥٧ساڵبوو،کاتێك لێیان نزیك بومەوە ، زانیم ژنە ٥٧ساڵەکە ناوی لاولاوبوو،ئەو بێزار بوولەدۆخی ئەمرۆیی سلێمانی، هەستی دەکرد ئازادی ژنان زیاتر روکەشە و دڵ پیسی زۆر بلاوبۆتەوە و ووتی" لەم شارەدا ژنان دەچوون بۆسینەما، بۆخۆم چەندین جار لەگەڵ هاوسەرەکەم بۆ فلیمی شیرین وفەرهادوئەمیر ئەرسەلاچوین"

لاولاو، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو سلێمانی بکرێتە شاری ڕوناکبیری ،ووتی"شار شایانی لەوە زیاترە، کەمی شەهید نەداوە بۆکوردستان"

بەرەوگەرەکی گۆیژە سەرکەوتم و نزیك بوومەوە لەوکۆمەڵە ژنەی کەلەبەردەرگا دانیشتبوون، پێ‌دەچوو زۆر شانازی بەشاری بونی خۆیان بکەن بۆیە، ژنەکان هەریەك لەوان یادوەریەکیان بۆدەگێرامەوە هەرلەساوەر کولان وتاکفتەکردن وترشیات و ئەوەنەی نەبرد، لاو لاو بەخۆیی وئەلبومەکانیەوە هات، کە هەمووژنانی ناوێنەکانی ئەلبومەکە بەرگی ئەوروپیان پۆشیبوو،وتی"تەنورەکانمان لەسەروئەژنۆمانەوە بوو، مینیی‌جۆب جلی باوی ئەوسابوو"دیاربوو ژنەکان حەزیان دەکرد بەوەی کە زیاتر بدوین ، زوو زووباسی مامۆستا مەلیحەیان دەکرد، مامۆستا مەلیحە ، کە پیری پشتی چەمانۆتەوە و وەك باس دەکەن، ئەویەکێك بوە لەکچە سفوروخوێندەوارەکانی ئەم شارە و ، مامۆستا مەلیحە شار زۆر بەمەغدور دەزانێت ودەڵێت" ژنان وپیاوانی ئەم شارە زۆر ماندوبوون تاشار گەیشتە ئەوەی ئازاترین وزیرەکترین کوروکچ پێبگەێنێت". ژنانی شاری خۆش دەویست وباسی رۆڵی حەپسەخانی نەقیب وحەپسە عیرفانی دەکرد، وتی "یەکەم رێکخراوی ژنان لەم شارەدا بەبیرۆکەی پیرەمێردو بەسەرۆکایەتی حەپسەخان دامەزرا، یەکەم قوتابخانەی کچان ومەڵبەندی خوێندن و زانست وهەر لەم شارە بوو" ئەو زوو زوو چاویلکەکەی لادەبردو ئەوتەریەی چاوی دەسری، کە تەمەن بۆیی هێنابوو، پاشان دەگەرایەوە سەر چالاکی قوتابخانەکان و باسکردن لەرۆشنبیری وزانست لەم شارەدا بە حەماسێکەوە وتی‌ئەزانیت " لەسالانی بیستەکاندا لەم شارەدا باسی پێشکەوتنی زانست کراوەو هاتنە دەرەوەی ژنان ونەمانی شەرم " جارجاریش بەبێزاریەوە سەری دەجولاند و دەیوت " شار لەخۆیەوە بوو بوە مەڵبەندی رونکبیری وسیاسەت و گۆران " لەبواری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا و، لێرەدا ئاماژەی بەبواری سیاسیدا باسی ئەوەی دەکرد کە ژنان لەشۆرشەکانیشدا بەشداریان کردوە "لەسەردەمی پاشایەتیدا لەخۆپیشاندانانەی شار بەغداد زنانی ئێمە بەشداریان کردوەو لە خۆپیشاندانی شارو"مامۆستا مەلیحەی تەمەن ٨٦ساڵ پێ‌ی وابووشار بێ‌دڵسۆزە و بەپێکەنینەوە ووتی دەیکەنە پایتەختی ڕوناکبیری و، چراوفانۆس وداریش بۆڕوناکەرەوە بەکاردێنین .

**ئا/ ڕێوان**

## ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی شەشەم

| ژ | ناوی سیانی | پیشە | دانیشتووی | چەند کەست ئەنفالە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | هەنار ڕەزا محەمەد | بێوەژن | کفری | ٦ |
| ٢- | نەجمە محێدین یوسف | بێوەژن | کفری | ١٤ |
| ٣- | سیران مەجید ئەمین | بێوەژن | کفری | ٣ |
| ٤- | تاهر عمر محەمەد | کاسب | کفری | ١٢ |
| ٥- | هدیە ساڵح محەمەد | ژنی ماڵ | کفری | ١٢ |
| ٦- | شرین فەتاح لفتە | بێوەژن | کفری | ١٢ |
| ٧- | سیران جەبار ئیبراهیم | بێوەژن | کفری | ١ |
| ٨- | سعدیە ساڵح کاکە | ژنی ماڵ | کفری | ١ |
| ٩- | ئیسماعیل احمەد فتاح | هەژار | کفری | ١ |
| ١٠- | سعدیە حمید ئەحمەد | بێوەژن | کفری | ٨ |
| ١١- | ئەرمەن احمەد محێدین | کچی ماڵ | کفری | ٣ |
| ١٢- | ناسکە محەمەد ئەمین | ژنی ماڵ | کفری | ٣ |
| ١٣- | نەجمەدین حەمید سەعید | مامۆستا | کفری | ١ |
| ١٤- | ئارام کریم ئەحمەد | خوێندکار | کفری | ٧ |
| ١٥- | سوهام حسێن حەسەن | ژنی ماڵ | کفری | ١٠ |
| ١٦- | ڕەئوف ڕەشید قادر | هەژار | کفری | ١٢ |
| ١٧- | سەرکەوت نامیق حسن | کاسب | کفری | ٣ |
| ١٨- | گلاوێژ عبدالرحمن | ژنی ماڵ | کفری | ٣ |
| ١٩- | ڕێکەوت نامیق حسن | کاسب | کفری | ٣ |
| ٢٠- | فکری عەلی مەحمود | کاسب | کفری | ٥ |
| ٢١- | خاوەر عەزیز عارب | بێوەژن | کفری | ٢ |
| ٢٢- | نسرین محمود عەزیز | بێوەژن | کفری | ٢ |
| ٢٣- | بەهیە ڕەشید ئەمین | کچی ماڵ | کفری | ٢ |
| ٢٤- | غزال ئیسماعیل | بێوەژن | کفری | ١ |
| ٢٥- | سیران حمید احمد | ژنی ماڵ | کفری | ٤ |
| ٢٦- | سرگوڵ فایەق حەسەن | ژنی ماڵ | کفری | ١٢ |
| ٢٧- | ئەحمەد محەمەد قادر | کاسب | کفری | ٣٠ |
| ٢٨- | ئەحمەد محەمەد کەریم | کاسب | کفری | ٣ |
| ٢٩- | مەغدور ساڵح ئەحمەد | ژنی ماڵ | کفری | ٦ |
| ٣٠- | نەرمین عەزیز محەمەد | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ١٠ |

## عەبدوڵا عەلی ئەحمەد "بڕواتان بێت ئەوەندەی کێشەی لە ناعەدالەتی دابەشکردنی سوتەمەنیدا هەیە، ئەوەندە کێشە لەکەمیەکەیدا نیە"

*** جەنابت بۆ کۆنترۆڵ کردنی گرفتی سوتەمەنی دانرابوی ئەگەر وابوو بۆچی لابرایت؟**

- کاتێك پەیوەندیم کرد بەکارەکەوە، بێ‌سەرەوبەرەییەکی سەیرم لەو فەرمانگەیەدی ، چەندین کتابی سەیرو سەمەرەم بۆ ئەهات، من تەنها فریای ئەوە ئەکەوتم کتابی سەیرو سەمەرە بدرم،بۆیە بەهاوکاری هەندێك فەرمانبەری دڵسۆز، ویستمان بناغەیەکی بەپەلە دارێژین بۆ ئەوەی سنورێك، بۆ ئەو دزی‌و خروقاتانەی کە کراوە دابنێین ،ئەوسوتەمەنیەمان بری بو کەسی خاوەن دەسەڵات وواستەو خاوەن بروانامە وەك ئەندازیاروپزیشك دیاری کرابوو، دەیکردە ٨٠% سوتەمەنیەکە واتا ٢٠%بۆ هاولاتیان بوو، بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەش لە شوێنە بەرزەکانەوە دەستمان پێکرد، بۆیە بڕواتان بێت ئەوەندە کێشەی ناعەدالەتی لەدابەشکردنی سوتەمەنیدا هەیە، کێشە لەکەمیەکەیدا نیە. بۆیە بێگومان لەم هەنگاوانەی ناومانە ڕوبەروی کێشەش دەبمەوە بەلام من پشت بەستوو بەرابرویی خۆم ئەوەی ڕاستیە لێ‌ی بێ‌دەنگ نابم.

هەردەنگ هەڵبرینێك لەسەر ئەم ناداد وەریانە بە تۆمەتی دزە نیشتمان وتابوری پێنج لێکدانەوەی بۆدەکرێت، ئەم دەنگ هەڵبرینەی بەرێزت چۆن سەیر دەکرێت؟؟

من ڕاستی دەڵێم و ناتوانم چاوپۆشی لێ‌بکەم، دەبێت پێشبینی زۆر شت بکەین، لەبەر ئەوەی بەداخەوە ئیدارە کەوتە دەست کۆمەڵێك خەڵکەوە، کە حیزبیشیان ناشیرین کرد، ئەمانە دزی یەکێتی نیشتمانین، ئەمانە ئەبێ نەمێنن‌و دەرکرێن لەئیشەکانیانداو دادگای بکرێت‌و لەتەلەفزیۆن ناویان ببرێت، ١٠ ڕۆژ سوتەمەنی ڕاگیرا لەخاوەن دەسەڵاتەکان، ئەم داموەزگا حیزبی لایەنەکان هاواریان لێ هەڵسا، ١٠ ساڵە میللەت ئەناڵێنێ بەدەست نەبونی سوتەمەنیەوە هەر گوێشیان لێ‌ناگیرێت، بۆیە دەبێت قسەبکەین، میللەت بێ‌دەنگ نەبێت. بۆ نەپرسین ودەنگ هەڵنەبرین، بۆ من هیچ شتێکم نەبێت، بۆ ئەو هەموو شتێکی هەبێت، تەنانەت سۆباکەشی لابردووەو هەمووی کردووە بەبۆری گەرمی، کەسانێك هەن هیچ هیلاك نەبوونە، بەڵام بەواستەو واستەکاری چووەتە شوێنێکەوە خوێنی منو تۆ ئەخواو پارەی میللەتە ئەخواو پارەی شەهیدە ئەیخوا، بۆ قبوڵی بکەین؟. بەمن دەڵێن تورەیە، چۆن تورە نابم، ئەوی خاوەن واستە بە نەوت و بەنزینەکەی بۆ ببرێتە ماڵەوە، یان دەسەڵاتدارو هەندێك لەو ئەندازیارو پزیشکانەی کە دێن، بەشورەیی دەزانن وەك ئەوخەڵکە، لەسەرەدا بوەستن، دەڵێن ئاخۆ چۆن لەسەرەدا بوەستین، بەڵام خەڵك بەوەستانەکەش بەری ناکەوێت، بەنزینخانەی سەرچنار بۆ تایبەتەکان دانراوە، ئەندازیارێك هاتوە دەڵێت (چۆن بچم لەگەڵ خەڵکدا بوەستم بۆ سەرەی بەنزین)، بەوە تێك چووم کتابەکەیم دڕی‌و وتم، (خێرا بڕۆ دەرەوە، لام چۆڵ بکە)، یەك خاڵی گرنگتر هەیە، نەك بەرپرس و هەندێك ئەندازیارو پزیشك بەڵکو خەڵکی وا هەیە، بەرپرسێك دەناسێت، وەرەقەیەکی بۆ دەکات، ئەچێ بۆ لای مەسئولێکی تر، ئەویش بۆی دەکات، ئەو کابرایەشی کە کاغەزەکەی بۆ ئەنوسیت ناڵێت (ئەرێ کاکە گیان تۆ وەرت گرتووە لەشوێنی تر)، کاتێك من سەیری سجلی دابەشکردنە تایبەتەکە دەکەم ئەمە دەبینم، بۆم بکرێ هەرچییەك لەبەردەستمدا بێ ئەیدەم بەناوچەوانیدا، توڕەبونم بەرامبەر کۆمەڵێ ئەشخاسە کە لەئیش‌و کارەکانیان ڕوبەڕووم ئەبێتەوەو دێتە بەردەمم، یەعنی خۆم ئەزانم کە چۆن هاتووە.

*** لەم چەند ڕۆژەدا توشی هیچ کێشەو هەڕەشەیەك نەبویت؟**

- خەڵك زۆر سەردانم ئەکاتو تەلەفونم بۆ ئەکات، من ئەوەی حسابی بۆ نەکەم مەسەلەی ترسە، ئێمە کە گەڕاوینەتەوە لەپێشمەرگایەتی لەزیادە ماوین، ئەوەش کە ئێستا ماوە نیوەی سەقەتە، یان پەراوێزە پشت ئەستورم، بەرابردویی خۆم، من بەئەمر خرامە ئەو شوێنە، ئەیانزانی کە تەنها بەمنیش چاك ئەکرێ، من لەبەر ئەوەی دڵسۆزم و دزنیم ئەمەنە خۆشەویست نیم، کە بمهێننە ئەوێ، سەرەتا من کە چووم بۆ ئەوێ ویستیان لەجێگەی دامبنێن، بەڵام من پەلاماری جێگەیەکی حەساسم دا، ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ بوم رێگەم نەدا کەس بەبێ ئەمری من یەك لیتر بەنزین دەرکات، هەموویم ڕاگرت، ڕەقەمی عەدادم گرت، ڕەقمی، شتەکانیانم گرت، وتم لەم دەقەیەوە نامەی گەورەترین کەس، یەك قەترە سوتەمەنی بێ ئاگاداری خۆم نابێت بڕوات).

*** دوا وتەت چی‌یە؟**

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار گەر لەم گەندەڵیەی هەندێك بەرپرس و خەڵکیش نەکۆڵنەوە میللەت تیادەچێت.

**فەرزانە عەلی**

**شیلان حامید**